# له پەراوێزی پێشەنگای نێودەوڵەتی کتیب له فرانکفۆرت،

تامان شاکر



ساڵانه شاری فرانکفۆرت گەورەترین پێشەنگای کتیب له خۆ دەگرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تێکەڵ بوون و ناساندنی شارستانیەتیەکانه بە یەکتری و دەوڵەمەندکردنی کلتووری گەلانە بە ئەدەب و هونەر، لەم پێشانگایەدا، هەموو جیهان له 172 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەدا کۆدەبێتەوە ،نەجیاوازی چینایەتی و نەرەگەزپەرستی نەشەرو نەسیاسەت لەو جیهانەدا باسی نییە، کتێب دەبێتە هەموو شتێك لە ژیان، پێداویستیەکانی مرۆڤ بە باشترین شێوە دابین کراوە، بە سیستەمێك دەرواتە رێوە کە کەس ناتوانێ گلەیی لێ بکات، بەرامبەر بەوەش پارەیەك دانراوە بەرامبەر بە هاتنە ژوورەوە، واتە ئەوکەسانەی دوو رۆژی یەکەمی پێشەنگاکە دێنە ژوورەوە دەبێت 33 یۆرۆ بدەن رۆژانی دواتر ئەم پارەیە دەبێت بە 10 یۆرۆ بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك بتوانن سەردانی پێشەنگاکە بکەن، تەنها رۆژنامە نووسان ، کە لەو وڵاتانەدا حیسابی تایبەتیان بۆ دەکرێت هاتنە ژوورەوە بە خۆراییە، لەم جیهانەدا بە هەزاران کەس سەرقاڵی سەیرکردنی نوێترین کتێب و بە هەزارانیش سەرقاڵی دۆزینەوەی دەزگایەکی چاپ و بلاوکردنەوەن بۆ کتێبەکانیان، بە هەزارانیش سەرقاڵی ئیمزاکردنی گرێ بەستن لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە ی جیاجیا بۆ کرین و وەرگێرانی کتێب، ئەمەش بووە بە ترادسیۆنێکی ساڵانه و لەم پێشنگایەدا پەیرەو دەکرێت .

سەرەتا چەند کەس و لایەنێك هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی کوردیش بەشداری ئەو پێشەنگایە بکات ناو وشوێنێکی هەبێت، کوردیش ماوەی چوار ساڵەبە شێوەیەکی فەرمی لەم پێشانگایە بەشداری دەکات، ماوەی دووساڵیشە وەزارەتی رۆشنبیری بەشداری ئەم پێشەنگایە دەکات و ئەرکی گواستنەوەی کتێبەکانی دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی لە کوردستان گرتۆتە ئەستۆ, لەو ماوەیەشدا خاتوو ئەڵماس بەرێوەبەر لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستان سەرپەرشتی هێنانی کتێب و پێداویستیەکانی پێشەنگاکەی لە ئەستۆ گرتووە .وە بە هاوکاری چەندین کەس و لایەن ناوەندی رۆشنبیری لە مانهایم و دەزگای هاڤیبون لە بەرلین پێشەنگەکەیان رێکخستووە.

بەشداری کورد لە پێشەنگایەکی ئاوادا بێگومان کارێکی سوود بەخشە، چونکە لەم پێشەنگایەدا هەموو ولاتانی دونیا تیایدا بەشدارن و رۆژانەش بە هەزاران کەس سەردانی ئەو پێشانگایە دەکەن، کورد ئەم ساڵ دوو شتاندی هەبوو، یەکێکیان وەزارەتی رۆشنبیری و ئەوی تریان دەزگای خاك بوو، کە خاتوو لەیلا عەلی سەرپەرشتی دەکرد .

کورد لە بەشداری ئاوەها پێشەنگایەك خاوەنی ئەزموون نییە، لە لایەك ولە لایەکی ترەوە بەشداری کردن لەم پێشەنگایە تەنها بۆ نمایشی کتێب نییە، بەڵکو لەم پێشانگایەدا سەدان گرێبەست مۆردەکرێت بۆ کرین وەرگێرانی کتێب بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان ، بۆ ناسینی ئەدەب و کلتووری میللەتان ، ئەی باشە خەڵك چۆن ئێمە بناسێت ؟ ئەو زەمانە بەسەرچوو کورد خۆی وەکو گەلێکی ستەمدیدە بناسێت ، ئەمرۆ کورد دەبێت بە شاکاری ئەدەبی لەم شوێنانە خۆی بداتە ناسین .

بۆیە بۆ بەشدار بوون لە پێشەنگایەکی ئاوادا دەبوو زۆرترین رۆمان و چیرۆك و چیرۆکی منداڵان لە زمانی کوردییەوە وەربگێردرێنە سەرزمانە زیندووەکانی جیهان، چەندین ئەلبومی کتێب و نەخشەی کوردستان بە زمانەکانی وەك ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی چاپکرایە بۆ ئەوەی خەڵکی تر شارەزاییان هەبێت سەبارەت بە ئەدەب و کلتووری کوردی، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ پێشەنگاکە بۆ خەڵکی غەیرە کورد بکەینەوە ،

سەرەرای ئەوەش چەندین ولات و کەسایەتی هاتوون بۆ سەردانی بەشی کوردی و داوای کرینی کتێبی کوردیان کردووە وەکو ولاتی ئەمەریکا و نیوزلەندەو ئوستراليا .وەچەندین نووسەری تر هاتوون داوای وەرگێرانی کتێبەکانی خۆیان کردووە بۆ سەرزمانی کوردی، هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی بایەخ بەم خاڵە گرنگە بدەن .

لایەنێکی تری پۆزەتیف لە پێشەنگاکەدا ئەوە بوو کە کوردێکی زۆر لە هەموو شارەکانی ئەڵمانیاوە سەردانی ئەم پێشەنگاییەن کردوو، توانیان بەشداری لەو سمینارانەدا بکەن، کە لە لایەن بەرێزان ( نەجاتی عەبدە، فەرهاد شاکەلی، هانا کۆشنەر، محەممەدی مەلا، زوهدی داودی )چەندین کەسی تر لە رۆژانی پێشەنگاکەدا بەسترا.

ڕێژەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا توانیان لەم پێشەنگایەدا کتێب بکرن کە لە وڵاتی ئەڵمانیادا دەست ناکەوێت و گواستنەوەشی لە کوردستان بارێکی گرانە بۆ خەڵکی، بۆیە ئەمە بە سوودی ئەوان بوو وە ڕێژەیەکیش لە ڕێکخراو دەزگا کوردییەکان بەشێکی باش کتێبیان وەك دیاری پێدرا کە ئەوە مایەی خۆشحاڵییە .

لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەگەر کورد جا چ وەك وەزارەتی ڕۆشنبیری یان دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی بیانەوێ ساڵێکی تر بەشدار بن دەبێت بە شێوازێکی تازەو سیستەمێکی جیاوازەوە کار بکەن، بۆ بەشداری لە کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت،

دەبێ حکومەتی کوردستان و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی هەوڵی وەرگێرانی شاکار و ڕۆمانە کوردییەکان و ئەو کتێبە مێژووییانە بدات کە کورد خۆی نووسیویەتی یان ئەوانەی لەسەری نووسراوە کۆی بکاتەوە ، لە پێشەنگاکەدا نمایشی بکات،

هەموو ساڵێکیش وڵاتیك یان میلەتێك دەبێتە میوانی پێشەنگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرت، ئەم ساڵ کەتەلۆنیا بوو، دەکری ساڵێکی تر کوردستان بێت . بۆیە دەبێت هەوڵی جیدی بدەین بۆ بەشداریەکی ئەکتیف لە پێشەنگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرت، گۆڕینی شێوازی بەشداربوونمان کە لە بەرژەوەندی گەلەکەماندایە من لە کۆتایدا سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە ئەرکیان کێشاوەو هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو هاوکاری باشتری یەکتری بکەین لە پێناو بەرز ڕاگرتنی وشەی کوردی. .هیوادارم هیچ کەس و لایەنێك لە نووسینەکەم دلگران نەبێت ، ڕەخنە گرتن لە خۆمان مایەی سەرکەوتنمانە، من وەك کارمەندێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ هاوکارەکانم هەوڵدەدەم، بۆ ساڵی داهاتوو، شێوازی بەشداربوونمان بە سیستەمیکی تازە بێت و چونکە بەشدار بوونم لەم پێشانگەیە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی پێبەخشیم